www.kurdistannet.org

# راستیەک بۆ ڕای گشتی
# - قوتابیانی خۆراگری کەرکوک
# - زانستخوازانی دوارۆژ

یەکێتی قوتابیانی کوردستان کەزیاتر لە نیو سەدەیە خەباتی پیشەیی و نیشتمانی ئەنجام دەدات توانیویەتی زۆرترین دەستکەوت بۆ قوتابیان دەستەبەر بکات و هەرگیز هیچ جیاوازیەک لەنێوان قوتابیەک و قوتابیەکی تردا نەکردووەو خزمەتگوزاریەکانی(ی .ق .ک )بۆ هەموو قوتابیەکی دڵسۆز و کورد پەروەربووە ,هەر لەم رونگەوە (ی .ق .ک) نەک لەسەر ئاستی قوتابیان بەڵکو لەسەر ئاستی رێکخراوەکانیش گرنگی بەکاری هاوبەش و هاوکاری رێکخراوەیی داوەو بەرگری لە خواست و ئازادی هەمووان کردووە هەموو رێکخراوەکان ئەم گەواهیە بۆ (ی .ق .ک) دەدەن لەم پێوەدانگەوەو بۆ بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەمان ئەمساڵ(ی.ق.ک )لە کۆنفرانسی رێکخراوەکانی قوتابیان لەمەڕ هەڵبژاردنو داوای کرد سەرجەم رێکخراوەکانی کوردستان بەیەک لیستی هاوبەش دابەزن لەگەڵ تورکمان و عەرەب و ئاشوریە رەسەنەکان، خۆشبەختانە لەکۆی ١٣ رێکخراوی قوتابیان( ١٠ )رێکخراو پشتگیرییان کرد، بەداخەوە کۆمەڵەی خوێندکاران تاکەرێکخراوە لە لیستی خۆی دابەزێ ,کە ئەمەش لەگەڵ خواستی کوردستان و قوتابیانی کەرکوک داناگونجێ هەر ئەم هۆکارەش بوو کاری رێکخراوەکانی دواخست و دواتریش دوای چەندین هەوڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان هەر سوربوو لەسەر تاکڕەوی خۆی ,ئەمە وێرای ئەوەی ئەم خەسڵەتە کۆمەڵەی خوێندکاران بەسەر سەرجەم شارەکاندا رەتی کردۆتەوە بەهاوکاری کۆمیتەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان رێگە نادەن هیچ رێکخراوێکی ترو هیچ قوتابیەکی تر ئازادی کارکردنی هەبێ و بەناشیرین ترین شێوە ترسان و تۆقاندن بە کاردێنن دژی ئەندامانی(ی .ق .ک )لەشارەکانی هەڵەبجەو هەورامان و رانیە و قەلادزێی و کەلار و سلێمانی و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتیان, ئەمەش دوورە لە هەموو بنەماکانی دیموکراسی و مەدەنیەت و ئازادی هەڵبژاردن و کاری رێکخراوەیی ,داوا لە کۆمەڵەی خوێندکاران و هەموو لایەک دەکەین با لەجیاتی بیری تاکڕەوی دیکتاتۆری دەست بەکاری هاوبەش و دیموکراسی بگرن.

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان**
**لقی کەرکوک**